# زمان و ئەدەبی

# کوردی 12

بۆ پۆلی دوانزەیەمی زانستی - وێژەیی


ڕێزمان


ئەدەب

ڕەوانبێژی









ئامادەکردنی:

م. سالم محەمەد ئەسعەد

Scanned with CamScanner

# ڕێزمان

Scanned with CamScanner

# هەندێ زانیاری گشتی دەربارەی ڕێزمانی کوردی :

## ١ - ناسینەوەی ناو:

ا/ ناوی مرۆڤ: (ئازاد، دارا، نەسرین، مامۆستا، قوتابی، ژن، پیاو، منداڵ، کوڕ، کچ، ....)

ب/ ناوی ئاژەڵ: (شێر، ڕێوی، مامز، کەروێشك، کۆتر، مەڕ، کاریلە، .......)

ج/ ناوی ڕووەك: (گوڵ، درەخت، سێو، هەنار، لیمۆ، .......)

د/ ناوی بێگیان: (هەموو شتەکانی دەوروبەرمان دەگرێتەوە، وەك: چیا، دۆڵ، خانوو، دار، بەرد، کتێب، پێنووس، ڕۆژنامە، .....)

## ٢ - ناسینەوەی جێناو:

جێناو بەشێوەیەکی گشتی دەبێتە دوو جۆر:

ا/ جێناوی سەربەخۆ.

ب/ جێناوی لکاو.

### ا/ جێناوی سەربەخۆ: ئەم جۆرانەی هەیە:

١- جێناوی کەسی سەربەخۆ: (من ، ئێمە ، تۆ ، ئێوە ، ئەو ، ئەوان).

٢- جێناوی خۆیی: (خۆم ، خۆمان ، خۆت ، خۆتان ، خۆی ، خۆیان).

٣- جێناوی پرس: (کێ ، چی ، چ ، کامتان ، چەندمان ، .....هتد)

٤- جێناوی نادیار: (هەین ، فلان ، کابرا ، فیسار، کەس ....هتد).

٥- جێناوی نیشانە: (ئەمە ، ئەمانە ، ئەوە ، ئەوانە).

٦- جێناوی هەیی: (هی، نی، یا، نا، ....).

٧- جێناوی لێکدەر: (کە، کو، .....).

### ب/ جێناوی لکاو:

١ - ئەگەر کارەکە ڕابردووی تێپەڕ بوو، ئەوا کۆمەڵە جێناوی (م - مان، ت- تان، ی - یان) وەردەگرن وەکو بکەر، وەك/

بردم بردمان

بردت بردتان

بردی بردیان

٢ - ئەگەر کارەکە ڕابردووی تێنەپەڕ بوو، ئەوا کۆمەڵە جێناوی (م - ین، یت - ن، Ø- ن) وەردەگرن وەکو بکەر، وەك/

کەوتم کەوتین

کەوتیت کەوتن

کەوتØ کەوتن

ئامادەکردنی: مامۆستا سالم محەمەد ئەسعەد
ئامادەیی ڕزگاری کوران - ئامادەیی زانیاری ناحکومی



چاپخانەی دێکان- بۆ فرۆشتنی هەموو جۆرە مەلزەمەیەك بەتاك و کۆ 07705163434 - 07501592133
Scanned with CamScanner

٣- ئەگەر کارەکە ڕانەبردووی تێپەڕو تێنە پەڕ بێت، ئەوا کۆمەڵە جێناوی ( م - ین، یت – ن، ات/ ێت - ن ) وەردەگرن وەکو بکەر، وەك/

دەخوێنم دەخوێنین
دەخوێنیت دەخوێنن
دەخوێنێت دەخوێنن

٤- ئەگەر کارەکە داخوازی بوو ئەوا جێناوەکانی ( ە، ن ) بەکاردێن وەکو بکەر، وەك:
بنووسە. بنووسن.

**٣- ناسینەوەی چاوگ:** هەموو چاوگێك کۆتایی بە پیتی ( ن ) دێت، وە هەروەها بەوە دەزانین چاوگە دەبێت دوای لابردنی ( ن ) وشەکە ببێتە کاری ڕابردووی نزیك وەك:
( هێنان، وەرگرتن ، خوێندن، چوون، نووسین )

**٤- ناسینەوەی قەدی چاوگ:** واتا چاوگ تەنها ( ن ) ی لێ کرابێتەوە، وەك:
( هێنا، وەرگرت ، خوێند، چوو، نووسی )

**٥- ناسینەوەی ڕەگی کار:** سەرەتا کارەکە لەسەر خۆمان جێ بە جێ دەکەین بەڵام بە ڕانەبردوو، واتا وشەی ( سبەی ) بخەرە پێشی، پاشان نیشانەی ( دە ) و ( م ) لادەبەین، ئەوەی دەمێنێتەوە دەبێتە ( ڕەگی کار )، هەروەها کارەکە دەبێت بە ( نا ) نەرێ بکرێت ئەگینا هەڵەیە وەك:
نووسین = سبەی ~~دە~~ نووس~~م~~ = سبەی نانووسم = نووس.

**٦- ناسینەوەی هاوەڵناو:**
ا/ هەموو ژمارەیەك هاوەڵناوە، وەك: ( نیو، یەك، دوو، سێیەم، چوارەم، ...... )
ب/ هەموو ڕەنگەکان هاوەڵناون، وەك: ( سوور، سپی، شین، زەرد، ڕەش، ........ )
ج/ هەموو وەسفکردنێکی ناو یان جێناو دەبێتە هاوەڵناو، وەك: ( جوان، باش، خراپ، زیرەك، تەمبەڵ، ...... )
د/ هاوەڵناوی نیشانە : ( ئەم......ە )، ( ئەو......ە )، ( ئەم....انە )، ( ئەو....انە ): لێرەدا ناوێك دەچێتە نێوانیان، بەم شێوەیە : ئەم کوڕە زیرەکە. (ئەم: هاوەڵناوی نیشانەیە. کوڕە: دیارخەری ناوە) ئەو کچە زیرەکە. (ئەو: هاوەڵناوی نیشانەیە. کچە: دیارخەری ناوە)

**تێبینی:** هاوەڵناوی نیشانە تەنها یەك ئەرکی هەیە ئەویش ( دیارخەری ناوە ).

ئامادەکردنی: مامۆستا سالم محەمەد ئەسعەد
ئامادەیی ڕزگاری کوران - ئامادەیی زانیاری ناحکومی



چاپخانەی دێکان- بۆ فرۆشتنی هەموو جۆرە مەلزەمەیەك بەتاك و کۆ 07501592133 - 07705163434
Scanned with CamScanner

## تێبینی:

**هاوەڵناوی چۆنیەتی لەڕستەدا دوو ئەرکی هەیە کە ئەمانەی خوارەوەن:**

**یەکەم/ دیارخەر:**

**أ- دەبێتە دیارخەری ناو:** مرۆڤی باش سەردەکەوێت . یان / کوڕە باشەکە هات.

بەوە دەزانین وشەی (باش) دەبێتە دیارخەری ناو، چونکە ناوێکی لە پێش هاتووە، وە بەهۆی ئامرازی دانەپاڵی (ی/ە) بەستراونەتە یەکەوە.

**ب- دەبێتە دیارخەری جێناو:** ئێمەی ئازا لە دوژمن ناترسین.

بەوە دەزانین وشەی (ئازا) دەبێتە دیارخەری جێناو، چونکە جێناوێکی لە پێش هاتووە بەهۆی ئامرازی دانەپاڵی (ی) بەستراونەتە یەکەوە.

**ج/ دەبێتە دیارخەری هاوەڵناو:** کوڕێکی زۆر زیرەکم دیت.

**دووەم/ تەواوکەری کاری ناتەواو:**

**٣- دەبێتە تەواوکەری کاری ناتەواو:** ئازاد زیرەکە.

بەوە دەزانین وشەی (زیرەك) دەبێتە تەواوکەری کاری ناتەواو، چونکە کارێکی ناتەواوی لە پاش هاتووە.

## ٧- ناسینەوەی هاوەڵکار:

**ا/ هاوەڵکاری کاتی:** وەك/ (زوو، درەنگ، دوێنێ، پێری، پار، .....)

**ب/ هاوەڵکاری شوێنی:** وەك/ (بان، بن، سەر، ژێر، تەنیشت، پێش، پاش، ....)

**ج/ هاوەڵکاری چۆنیەتی:** وەك/ (بەباشی، بەجوانی، پیاوانە، ئازایانە، ....)

**د/ هاوەڵکاری چەندی:** وەك/ (زۆر، کەم، هەندێك، کەمێك، قیچەك، ....)

**ە/ هاوەڵکاری ڕێکخستن:** وەك/ (دەستەدەستە، چین چین، پارچە پارچە، ....)

**تێبینی:** هاوەڵکار دوو ئەرکی هەیە ئەوانیش (تەواوکەری کار)، یاخود لەبابەتی ڕادە دەبێتە (دیارخەری هاوەڵکارێکی تر). ئەگەر بەتەنها یەك هاوەڵکار لە ڕستەدا هاتبوو، ئەوا ئەرکی هاوەڵکارەکە دەبێتە (تەواوکەری کار) وەك/

وانەکەم بەجوانی خوێند.

هاوەڵکاری چۆنیەتیە، تەواوکەری کارە.

بەڵام ئەگەر هاوەڵکارێکی چەندی لە پێش هاوەڵکارێکی (کاتی، شوێنی، چۆنیەتی) هات، ئەوا ئەرکی هاوەڵکارە چەندییەکە دەبێتە (دیارخەری هاوەڵکارێکی تر) وە ئەرکی هاوەڵکارەکانی تر (کاتی، شوینی، چۆنیەتی) دەبێتە (تەواوکەری کار) وەك/

وانەکەم زۆر بەجوانی خوێند.

وانەکەم زۆر زوو خوێند.

باڵندەکە زۆر بەرز فڕی.

دیارخەری هاوەڵکارێکی تر.



چاپخانەی دیکان- بۆ فرۆشتنی هەموو جۆرە مەلزەمەیەك بەتاك و كۆ 07705163434 - 07501592133

Scanned with CamScanner

*** تێبینی :- جیاکردنەوەی هاوەڵناوی چۆنیەتی لە هاوەڵکاری چۆنیەتی:**

ئەگەر وشەکە ( جوان ، باش، خراپ ، پیس ، پاك ،..... ) ئامرازی دانە پاڵی ( ی ) یان ( ە ) ی لە پێش هات، ئەوا وشەکە دەبێتە ( هاوەڵناوی چۆنیەتی )، وەك:

_ منداڵێکی جوانم بینی.
هاوەڵناوی چۆنیەتییە، دیارخەری ناوە.

_ منداڵە جوانەکەم بینی.
هاوەڵناوی چۆنیەتییە، دیارخەری ناوە.

یاخود ئەگەر وشەکە یەکێك لە کارە ناتەواوەکانی ( ە، بوو ، دەبێت ) ی لە پاش هات، ئەوا دیسان دەبێتە ( هاوەڵناوی چۆنیەتی ) وەك:

منداڵەکە جوانـە.
هاوەڵناوی چۆنیەتییە، تەواوکەری کاری ناتەواوە.

بەڵام ئەگەر وشەکە ئامرازی دانە پاڵی ( ی ) یاخود ( ە ) ی لە پێش نەهات، وە کاری ناتەواوی ( ە، بوو ، دەبێت ) ی لەدوا نەهات، ئەوا دەبێتە ( هاوەڵکاری چۆنیەتی )

وەك/

وانەکەم باش خوێند.
هاوەڵکاری چۆنیەتییە، تەواوکەری کارە.

## ٨- ناسینەوەی ئامراز:

ا/ ئامرازی پەیوەندی، وەك: ( بە، لە، بۆ، ژ، ل، پێ، تێ، لێ، .... )

ب/ ئامرازی دانە پاڵ/ خستنەسەر، وەك: ( ی، ێ، ا، ە، ێد، ێت، ێن، ... )

ج/ ئامرازی لێکدەر، وەك: ( کە، کو، تا، هەتا، ئەگینا، بەڵام، ئەگەر، گەر، .... )

د/ ئامرازی بانگکردن، وەك: ( هۆ، هێی، ئەها، ە، ئادەی، ێ، ..... )

## ٩- ناسینەوەی کار: دەبێتە دوو بەش:

ا/ کاری تەواو. ب/ کاری ناتەواو.

ا/ کاری تەواو: دەبێتە کاری:

١- کاری ڕابردوو: ئەو کارەیە کە ڕووی داوە، هەروەها بە ئامرازی ( نە ) نەرێ دەکرێت وەك: ڕۆیشت، هات، دەرچوو، ....

٢- کاری ڕانەبردوو: ئەو کارەیە کە ڕووی نەداوە هەروەها نیشانەی ( دە ) ی لەگەڵ دێت وە بە ئامرازی ( نا ) نەرێ دەکرێ ئەمە لە ڕاگەیاندن، وەك: دەڕوات ، دەردەچێت، ...

بەڵام لە دانانی نیشانەی ( ب ) ی پێوەیە، وە بە ئامرازی ( نە ) نەرێ دەکرێت، وەك: بڕوات، بچم، بخوێنین.

٣- کاری داخوازی: ئەو کارەیە کە ( ئەمر ) دەکات، وە بە ئامرازی ( مە ) نەرێ دەکرێت وەك: بکرە، بفرۆشە، بنووسن، ....

ب/ کاری ناتەواو: تەنها ئەمانەن: ( ە، بوو، دەبێت ).



چاپخانەی دێکان- بۆ فرۆشتنی هەموو جۆرە مەلزەمەیەك بەتاك و کۆ 07501592133 - 07705163434

Scanned with CamScanner

## ١٠- چۆن دەزانین پیتی ( ی ) ئامرازی دانە پاڵە یان جێناوی لکاوە ؟

هەر کاتێك پیتی ( ی ) مان لە ناو ڕستەدا بینی، ئەگەر لەجێی ئەو ( ی ) ە، جێناوە لکاوەکانی ترمان خستە شوێنی و گونجا ئەوا دەبێتە ( جێناوی لکاو )

وەك : وانەکەی خوێند .

م مان
ت تان
ی یان

لێرەدا دەبینین دەگونجێت بۆیە دەبێتە ( جێناوی لکاو ).

بەڵام ئەگەر نەگونجا ئەوا دەبێتە ( ئامرازی دانە پاڵ ) ،

وەك : گەلی کوردستان ئازادە .

م مان
ت تان
ی یان

لێرەدا دەبینین ناگونجێت بۆیە دەبێتە ( ئامرازی دانە پاڵ ).

- یاخود لە ڕستەی ( شاناز ڕایەخەکەی چنی ) لەجێی ( ی ) جێناوەکانی تر دابنێ، ئەگەر گونجا ئەوا ( جێناوی لکاوە )، ئەگەر نەگونجا ئەوا ( ئامرازی دانە پاڵە ) بەڵام وریابە پیتی ( ی ) بەکام وشەوە لکابوو، لەو وشەوەوە ڕستەکە بخوێنەوە. واتا مەڵێ: ( شاناز ڕایەخەکەم چنی ) بەڵکو بڵێ : ( ڕایەخەکەم چنی ).

## ١١- جیاکردنەوەی ( جێناوی نیشانە ) لە ( هاوەڵناوی نیشانە ):

جێناوی نیشانە : وشەکە بەیەکەوە دێت و کەرت نابێت هەروەها لەجێی ناوێك دێت، کە ئەمانەن : ( ئەمە ، ئەمانە، ئەوە، ئەوانە ) وەك :

ئەمە زیرەکە.

هاوەڵناوی نیشانە : وشە کەرت دەبێت و ناوێك دەچێتە نێوانی، وەك :

ئەم کوڕە زیرەکە.

## ١٢- جیاکردنەوەی ( جێناوی پرس ) لە ( هاوەڵناوی پرس ):

جێناوی پرس: وشەیەکی پرسە ناوی لەگەڵ نایەت ،وەك: ( کێ هات ؟ ) یان ( چ دەخوێنی ؟ ) یان ( کامیان زیرەکە ؟ )

هاوەڵناوی پرس: وشەیەکی پرسە ناوێکی لە تەنیشت دێت، وەك:

کام مامۆستا زیرەکە ؟

چەند قوتابی دەرچوونە ؟

**تێبینی :** وشەی ( کێ ) بەردەوام جێناوی پرسە وەك: کێ زیرەکە؟



چاپخانەی دێکان- بۆ فرۆشتنی هەموو جۆرە مەلزەمەیەك بەتاك و کۆ 07501592133 - 07705163434

Scanned with CamScanner

## ١٣ - ناسینەوەی (سادە، دارێژراو، لێکدراو):

**سادە:** لەیەك وشەی واتادار پێك دێت و پێشگرو پاشگری لەگەڵ نایەت،وەك:
هات،چوو، نووست،خوێند،کەوت،......

**دارێژراو:** لە وشەیەکی سادەو پێشگرێك یان پاشگرێك یان لەگەڵ هەردووکیان پێك دێت،وەك:
دەرچوو، داگرت،هەڵچوو،وەرگرتەوە،بردەوە،.....

**تێبینی:** زۆربەی کات کاری دارێژراو بەهۆی ئەم پێشگر و پاشگرانەوە دروست دەبێت :
(دا ، ڕا ، وەر ، دەر ،هەڵ ، ەوە)

**لێکدراو:** لەدوو وشەی واتادار یان زیاتر پێك دێت،وەك: چاپ کرد،بانگ کرد، تەواو بوو،جێ بە جێ کرد،......

## ١٤ - جیاکردنەوەی تێپەڕ لە تێنە پەڕ:

ئەگەر چاوگەکە پاش لابردنی (ن) ی چاوگ،کۆمەڵەی یەکەمی وەرگرت (م- مان، ت- تان ، ی - یان) ئەوا ئەو کارە دەبێتە (کارێکی تێپەڕ)،وەك:

بردن= برد = بردم بردمان
بردت بردتان
بردی بردیان

- هەروەها کاری تێپەڕ پێویستی بە (بەرکار) هەیە وەك: من کتێبەکەم برد.
بەرکارە

بەڵام ئەگەر کۆمەڵەی دووەمی وەرگرت (م - ین، یت - ن،Ø- ن)،ئەوا ئەو کارە دەبێتە (کارێکی تێنە پەڕ)،وەك:

کەوتم کەوتین
کەوتیت کەوتن
کەوتØ کەوتن

- هەروەها کاری تێنە پەڕ پێویستی بە (بەرکار) نییە وەك: منداڵەکە نووست.
بکەرە. کاری تێنە پەڕە.

## ١٥ - جیاکردنەوەی (جێناوی نادیار) لە (هاوەڵناوی نادیار):

ئەگەر وشە نادیارەکانی وەك (زۆر ، کەم ، فلان ، فیسار ، هەموو ، گشت ، گەلێك،....هتد) بەتەنها بەکار هاتن و ناویان لەگەڵ نەهات،ئەوا دەبنە (جێناوی نادیار) وەك:
فلان زیرەکە. هەموو هاتن. گشتیان دەرچوون.

بەڵام ئەگەر وشەنادیارەکانی وەك (زۆر ، کەم ، فلان ، فیسار ، هەموو ، گشت ، گەلێك،....هتد) لەڕستەدا ناویان لەگەڵ هات،ئەوا دەبنە (هاوەڵناوی نادیار) وەك: فلان قوتابی هات. هەموو منداڵەکان ژیرن. گشت قوتابییەکان دەرچوون.



چاپخانەی دێکان- بۆ فرۆشتنی هەموو جۆرە مەلزەمەیەك بەتاك و کۆ 07705163434 - 07501592133

Scanned with CamScanner

# ١٦- شیکردنەوەی ناو :

- **ناوی تاك** : ئەو ناوەیە کە نابێت (ان) ی پێوە بێت .وەك : کوڕ ، پیاو ،مامۆستا ....

- **ناوی کۆ** : ئەو ناوەیە کە دەبێت (ان) ی پێوە بێت . وەك : کوڕان ، پیاوان ، مامۆستایان.....

- **ناوی ناسراو** :
* ئەو ناوەیە کە دەبێت (ەکە) ی پێوە بێت .وەك : کوڕەکە ، پیاوەکە ، مامۆستاکە .
* یان کەوتبێتە نێوان هاوەڵناوی نیشانە وەك : ئەم پیاوە هەژارە .
* هەموو ناوێکی تایبەتی دەبێتە ناسراو وەك : هەولێر ، کوردستان ،دارا، ئازاد،....

- **ناوی نەناسراو** : ئەو ناوەیە کە نیشانەی (ەکە) ی پێوە نییە ، یان هەندێك جار نیشانەی (ێك ، ەك) ی پێوەیە، وەك : کوڕ ، کوڕێك ، کوڕەك .

- **ناوی تایبەتی** : ئەو ناوەیە کە دەبێت ناوی (کەس و شار و وڵات و گوند و ڕووبار و چیا و...هتد) دیاری بکات،واتا بەتەواوی ڕوونی بکاتەوە کە کێیە یان چییە ؟ وەك :
ئازاد ، هەولێر ، کوردستان ، دیجلە ، سەفین ،...هتد .

- **ناوی گشتی** : ئەو ناوەیە کە دەبێت بە شێوەیەکی گشتی لە ناوەکە بدوێت و ناوەکە دیاری نەکات و ڕوونی نەکاتەوە کە کێیە یان چییە ؟.
وەك : کتێب ، قوتابخانە ، بازاڕ ، مامۆستا ،شار ، چیا ،...هتد .



ئامادەکردنی: مامۆستا سالم محەمەد ئەسعەد
ئامادەیی ڕزگاری کوڕان - ئامادەیی زانیاری ناحکوی

چاپخانەی دێکان- بۆ فرۆشتنی هەموو جۆرە مەلزەمەیەك بەتاك و کۆ 07501592133 - 07705163434

Scanned with CamScanner

# ١٧- ئەرکەکانی ناو:

## ئەرکەکانی ناو ئەمانەن :

١- **بکەر :** ئەو کەسەیە یان ئەو شتەیە کە دەبێت کارێك ئەنجام بدات و کارەکەشی کارێکی تەواو بێت، واتا کاری ڕستەکە نابێت (ە، بوو ، دەبێت) بێت .

وەك : هێمن وانەکەی خوێند .

٢- **نیهاد :** ئەگەر کاری ڕستەکە ناتەواو بوو،واتا (ە ، بوو ، دەبێت) بوو، ئەوا وشەکەی سەرەتای ڕستە دەبێتە (نیهاد)

وەك : هێمن زیرەکە .

٣- **بەرکار :** ئەو شتەیە کە کارەکەی بەسەردا دێت،واتا ئەو شتەیە کە بکەر ئەنجامی دەدات ،هەروەها کارەکەشی دەبێت کارێکی تێپەڕ بێت.

وەك : من هێمن فێردەکەم.

٤- **تەواوکەری بەیاریدە :** ئەو کەسەیە یان ئەو شتەیە کە یەکێك لە ئامرازە پەیوەندییەکانی (بە ، لە ، بۆ ، پێ ، تێ ، لێ.....هتد) لە پێش دێت ئینجا وشەکەی پاش ئامرازە پەیوەندییەکە دەبێتە تەواوکەری بەیاریدە.

وەك : کتێبەکەم لە هێمن وەرگرت .

٥- **دیارخەری ناو :** هەر کاتێك دوو وشە بەهۆی ئامرازی دانە پاڵی (ی ،ێ ،ە،ا) درانە پاڵ یەکتر،ئەوا وشەکەی دوای ئامرازەکە دەبێتە دیارخەری ناو.

وەك : باوکی هێمن ئەندازیارە .

٦- **تەواوکەری کاری ناتەواو :** ئەو کەسەیە یان ئەو شتەیە کە دەبێت یەکێك لە کارە ناتەواوەکانی (ە ، بوو ، دەبێت) ی لە تەنیشت هاتبێت،ئینجا وشەکەی تەنیشت کارە ناتەواوەکە دەبێتە تەواوکەری کاری ناتەواو.

وەك : ئەوە هێمن بوو .

٧- **جێگری بکەر :** ئەو ناوەیە یان ئەو جێناوەیە کە زۆربەی کات لە سەرەتای ڕستەکە دێت و کارەکەشی دەبێت کۆتایی بە (را،رێ) هاتبێت واتا بکەر نادیار بێت،ئەوا وشەکەی سەرەتای ڕستە دەبێتە جێگری بکەر.

وەك : هێمن خەڵات کرا .

ئامادەکردنی: مامۆستا سالم محەمەد ئەسعەد
ئامادەیی ڕزگاری کوڕان - ئامادەیی زانیاری ناحکومی



چاپخانەی دیکان- بۆ فرۆشتنی هەموو جۆرە مەلزەمەیەك بەتاك و کۆ 07501592133 - 07705163434

Scanned with CamScanner

**تێبینی :** ئاساییە لەدوای نیشانەی ( را ) ی بکەر نادیار نیشانەکانی کاری ڕابردوو هاتبن ( _ ، وە ، دە ، بوو ) واتا وشەکانی سەرەتای ڕستە هەر دەبنە ( جێگری بکەر ) وەك:

خانووەکە فرۆشرا.

خانووەکە فرۆشراوە.

خانووەکە دەفرۆشرا.

خانووەکە فرۆشرابوو.

یاخود ئەگەر لەدوای نیشانەی ( رێ ) یان ( ڕا ) جێناوەلکاوەکان هاتبن هەر ئاساییە وەك:

خانووەکان دەفرۆشرێن.

گەزۆ نایابەکان فرۆشران.

**تێبینی :** بۆ جیاکردنەوەی ( ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن ) لە ( ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن ) بەم جۆرە دەبێت :

ئەگەر تەنها یەك کار بوو ئەوا جۆری کارەکە دەبێتە ( ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن ) وە هەندێ جار کارەکە لێکدراوە واتا دوو وشەیە بەڵام وشەی یەکەم کار نییە بۆیە دیسان دەبێتە ( ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن ) وەك:

( هات ، چوو، ئامادەبوو، هەڵبوو، وشکبوو، سیسبوو، بزربوو، تەواوبوو،.... )

بەڵام ئەگەر کارەکە دوو وشە بوو ،وە هەردوو وشەکەش کار بوون،ئەوا جۆری کارەکە دەبێتە ( ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن ) وەك:

( هاتبوو، بردبوو، چووبوو، بانگکردبوو، سەرکەوتبوو،...... )

**تێبینی :** بەم جۆرە کار دەکرێتە نەرێ :

١ - ئەگەر کاری ڕستەکە نیشانەی ( دە ) ی پێوەبوو،واتا ڕانەبردووی ڕاگەیاندن بوو،ئەوا بە ئامرازی ( نا ) نەرێ دەکرێت و شوێنی ( دە ) دەگرێتەوە،وەك/

دەچم = ناچم.

هەڵدەگرم = هەڵ ناگرم.

چاپ دەکەین = چاپ ناکەین.

٢ - ئەگەر کاری ڕستەکە داخوازی بوو،ئەوا بە ئامرازی ( مە ) نەرێ دەکرێت و شوێنی ( ب ) دەگرێتەوە،وەك/

بنووسە = مەنووسە.

٣ - ئەگەر کاری ڕستەکە ناتەواوی ( ە ) ی بوو،ئەوا بە ئامرازی ( نی ) نەرێ دەکرێت. وەك:

کوڕەکە زیرەکە = کوڕەکە زیرەك نی یە.

٤ - ئەگەر کاری ڕستەکە دانانی بوو واتا کارەکە نیشانەی ( با ، بووبا ، بێت، ب ) ی پێوەبوو، یان ڕابردووی ڕاگەیاندن بوو،ئەوا بە ئامرازی ( نە ) نەرێ دەکرێت،وەك:

چووم = نەچووم.

چووبا = نەچووبا.

هەندێ جار نیشانەی ( ب ) ی ڕانەبردووی دانانی دەرناکەوێت وەك: ڕاکەم = ڕانەکەم.





چاپخانەی دێکان- بۆ فرۆشتنی هەموو جۆرە مەلزەمەیەك بەتاك و کۆ 07501592133 - 07705163434
Scanned with CamScanner

زمان و ئەدەبی

# کوردی 12

بۆ پۆلی دوانزەیەمی زانستی - وێژەیی

ڕێزمان

ئەدەب

ڕەوانبێژی


ئامادەکردنی:

م. سالم محەمەد ئەسعەد

ئامادەیی ڕزگاریی کوڕان

ئامادەیی زانیاریی ناحکومی

سەنتەری پۆلی ١٢



چاپخانەی دێکان



بۆ فرۆشتنی هەموو جۆرە مەلزەمەیەك بەتاك و كۆ

0770 516 3434 - 0770 147 0445 - 0770 153 4359

Scanned with CamScanner